**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوە لەژێر ناونیشـــانی دونیای شـــیعری نالی یە، پوختەیەکە لە بەشـــێکی نامەی ماســـتەر لە ئەدەبی کوردیدا، بە ناونیشانی ( دیالیکتیکی بوون و نەبوون لە شیعری نالی دا ). لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی و شیکارییە. ئامانج لێی ناسـینی دونیای شـیعرەکانێتی و بەمەبەسـتی پڕکردنەوەی کەلێنێکی تر لەسـەر نالی و ئەدەبیاتی کوردی ، بەوپێ یەی کە نالی ئەو شـــاعیرە بەناوبانگەی بابان بووە. لەگەڵ ســـالم و کوردیدا گەشـــەیان بە ئەدەبی کرمانجی خواروو و بەشە سلێمانییەکەی دا.

توێژینەوەکەمان دابەشکردووە بەسەر سێ تەوەرەدا:

لەتەوەرەی یەکەمدا، تیشـک خراوەتەسـەر شـیعرەکانی و ئەو نووسـەرو لێکۆڵەرەوانەی، کە لەسـەر نالی شـاعیریان نووسیوە، لەنووسەران و رۆژهەڵاتناسانی بێگانەو خۆمانە.

لەتەوەرەی دووەمیشـدا، سـەرنجمان لە فەلسـەفەی نالی و شـیعرەکانی داوە. لەو بابەتانەی وەک وشـەو زاراوەی تایبەت بە فەلســـەفەو بابەتی ئەفســـانەو ناوەرۆکی ئایینی، هەروەها رەتکردنەوەی نا دادپەروەری و رەخنەگرتن لە هەندێ داب و نەریتی کۆمەڵ، بە بەکارهێنانی دەقی شیعری لە پێناو گەیاندنی پەیام و دیدو بۆچوونەکانیدا، هەروەها تێ رامان و قووڵبوونەوە لە مرۆڤ و کۆمەڵ.

بۆ تەوەرەی سێیەمیش، تیشک خراوەتەسەر ئایینی ئیسلام و پەرستنە تایبەتەکانی نالی، بە کۆمەڵێ دەقی شیعری ســـتایشـــی خواو بەرزێتی پێغەمبەری کردووە. لەگەڵ ئەوەشـــدا، هەندێ دەقی شـــیعری دژ بە دیاردەی دەروێش و سۆفیەکان، هۆنیوەتەوە.

بۆ هەرسێ تەوەرەکە کۆمەڵێ دەقی شیعری کراونەتە نموونە .

**ملخص البحث**

البحث تحت العنوان اعلاه، ملخص من جزء كامل لرسالة ماجستير في الادب الكوردي، تحت عنوان (جدلية الوجود واللاوجود في شعر نالى). دراسة وصفية تحليلية، الغاية منها التعريف بشعر نالي. والقصد منه ملء الثغرات التي تركتها البحوث. التي سبقت هذا البحث. وذلك بتناول جوانب و قضايا ادبية لم يدركه اقلام الاخرين من الادباء والباحثين.كان نالى من اشهر الشعراء عهد الامارة البابانية، وقد استطاع مع كل من الشاعرين المشهورين سالم و كوردى بتطوير وازدهار ادب اللهجة الكرمانجية الجنوبية ولا سيما لهجة منطقة السليمانية.

اما نطاق هذا البحث فهو عبارة عن ثلاث محاور:

ففي محور الاول، سلطنا الضوء على اساليب المحللين والادباء الذين تناولوا من دراساتهم، شعر نالي، سواءآ ادباء الكورد او المستشرقين او غيرهم .

اما المحور الثاني، حاولنا ادراک الجانب الفلسفي من شعر نالى وكذلک اسلوبه الشعري وقدرته في اختيار الالفاظ والمصطلحات الفلسفية و الاغراض الشعرية، وتناول موضوع الدين ومسائل اجتماعية أخرى نحو تحقيق العدالة الاجتماعية وكذلک شيوع عادات اجتماعية غير مقبولة.

وفي المحور الثالث، القينا الضوء على الدين الاسلامي، في نتاجه الشعري في العبادة، اهتم نالى بهذا الجانب اهتماما كبيرا، ونجد الكثير من النصوص الشعرية التي يحمد الله، ويمدح الرسول، ومع ذلک وظف مجموعة من النصوص الشعرية ضد بعض المظاهر الغير المقبولة، كظاهرة بعض من الدراويش والمتصوفين، وكثيرا ما اساءت هذه المظاهر الى الدين الاسلامي. قد استشهدنا لكل هذه المحاور المذكورة، بنصوص شعرية من ديوانه.

والله من وراء القصد...

**Abstract**

This research is entitled the ‘World of Naali’s Poetry’. This is a summery of a section in a thesis for Masters degree in Kurdish literature, under the name ‘The Rational of Existence and Non-existence in Naali’s Poetry’. It is a descriptive and explanatory research with the objective of getting to know his poems while it aims at filling another gap about the poet in particular and within Kurdish literature in general, considering that Naali was a great famous Baban poet who alongside Saalim and Kurdi helped prospering the literature of Kirmanji xwaru and the Slemani part of Kurdish literature. Our research consists of three parts :

In the first part, we highlighted his poetry and the work of the orientalists, local and foreign writers and researchers who wrote about Naali.

In the second part, we focussed on Naali’s philosophy and poetry. We elaborated on subjects like vocabulary and specific expressions related to philosophy, myth and religious contents, in addition to rejecting injustice and criticizing some of the cultural norms and habits through utilisation of his poetry which aimed at delivering his message and expressing his perspectives. He also had the goal of deeply observing humans and society.

As for the third section, we have discussed Islam religion in relation to Naali’s personal worshipping where he described the greatness of god and the prophet, despite of writing some pieces in which he criticized dervishand Sofiism phenomenon Each section in the research includes many examples of poems.

**ئەنجام**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەم خاڵانە:

١) بۆ تێگەیشتن لەنالی پێویستە پێشتر هەوڵبدرێ پاشخانێکی تۆکمەی فەلسەفی و لە نێویدا دەروونناسی و دەروونشیکاری لەسەریەکهەڵچنرێ، زمان و دیالیکتە جیاجیاکانی زمانی کوردی بناسی، شانبەشانی ئەدەبدۆستیش لە تیۆلۆژیادا بەگشتی و ئیسلامناسی بەتایبەتی، سەرەدەری بکەی، دواتر بەدوای دیوی نادیارو ئەو سێبەرانەدا بگەڕێی، کە لە ئەندێشەی نالیی دا بوون.

٢) نالی ئەوەی رەتکردۆتەوە تەنها شاعیرێک بێت، بەڵکو بوێریی ئەوو دەستبردنی بۆ تابۆکان و بابەتە نهێنی و شاراوەکان، نالی لە بەرگی شاعیربوونی پەتی وەدەردەخەن و نازناوی رچەشکێن و داهێنەرو دانای بەسەردا دەچەسپێنن.

٣) راستە نالی بە شوێن چێژی دونیاییەوە بووە، بەڵام دواجار راستگۆیانە خۆشەویستی بۆ خواو پێغەمبەری ئیسلام و پایەکانی ئیسلام، دەربڕیوەو پاڕاوەتەوە لێیان.

٤) ئەگەر بەهرەمەندی و بلیمەتی جەوهەری نالی نەبوویێت، ئەوا چی وا لە بابایەکی دەوارنشین دەکات ئەم ئەفسانەیەی لێ دەرچێت!؟

٥) نالی لەبارەی شیعرو داهێنانەکانیەوە، گەیشتۆتە ئەو راستییەی کە نە لە کەس دەچێت و نە کەسیش لەو دەچێت.

٦) نالی نە عارف و نە متەسەوف بووە، بەڵکو تەنها فەقیهێک بووە، بەڵام هەرکیز ئایینی بۆ مەرام و مەبەستی تایبەتی خۆی بەکارنەهێناوە، بە ریاکاری نەژیاوە، بەڵکو بەوپەڕی راستگۆیی و یەک دیوی، ژیانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی بەڕێکردووە.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

